Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-26

# زمانی شیعری لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دا

## (توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە نامەی ماستەر)

رەنج قوباد سابیر[١]، رۆژگار موحەممەد سابیر[٢]

١- بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان- عێراق

٢- بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، بەڕێوەبەری کتێبخانەی زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان- عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | Aigust, 2025 |

**Keywords**

زمان، زمانی شیعری، لادانی زمان، ئیستاتیکا ، شیعر

**Corresponding Author**

ranj.darbandi@gmail.com
Rozhgar.muhammed@koyauniversity.org

**پوختە:**

زمانی شیعری دیارترین لایەنی ئیستاتیکایە لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دا، هەر بۆیەش ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەم بابەتە. کە تێیدا سەرەتا باسی زمانمان کردووە بەشێوەیەکی گشتی، پاشان هاتووینەتە سەر باسی لایەنێکی زمان کە ئەویش زمانی شیعرییە، لەوێدا زۆرترین بیروبۆچوون کە هێناوماناتەوە دەربارەی زمانی شیعری بیروبۆچوونی نووسەران و ئەدیبانی کوردە. پاشان هاتووینەتە سەر زمانی شیعری لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دا، کە تێیدا باس لە زمانی شیعرەکانی شاعیر کراوە بە نموونەی دەق شیعری وەک: لایەنی سوود وەرگرتن لە شێوەزاری ناوچەیی، بەکارهێنانی وشەی بێگانە، پشتبەستن بە وشەی رەسەنی کوردی، کوردی پەتی نووسین، خۆبەدوورگرتنی شاعیر لە داتاشینی وشە، کورت و پوخت نووسینی دەق شیعری، خستنەرووی زۆرترین بیرو بابەت و جوانی بە کەمترین وشە لە لایەن شاعیرەوە. هەروەها دواتر هاتووینەتە سەر باسی لادانی زمان لە شیعرەکانی شاعیردا بە هەموو ئاستەکانیەوە وەک: دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازی، هەموو ئەمانەش نموونەی شیعریان بۆ هێندراوەتەوە. هەروەها توانا و لێهاتوویی شاعیر لە هەڵبژاردنی وشەی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو و یاریکردن بە وشە، یەکێکی ترە لە سیماکانی زمانی شیعرەکانی شاعیر. لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووین.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە کە لەژێر ناونیشانی زمانی شیعری لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دایە، لەڕاستیدا هەڵهێنجراوە لە توێژینەوەیەکی گەورەتر لەژێر ناونیشانی: ئیستاتیکا لە شیعری (ئارام ساڵح)دا. کە نامەیەکی ماستەرەو لە داهاتوویەکی نزیکدا پێشکەش بە بەشی کوردیی یەکێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی تەوەری زمانی شیعریش لێرەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆری ئیستاتیکای شیعری (ئارام ساڵح) لە زمانە شیعرییەکەیدا دەردەکەوێت.

سنووری توێژینەوەکەش دیاریکراوە و بریتییە لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)/ زمانی شیعری، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٢١).

وەکو ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش پشت بە ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) دەبەستێت، بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکان.

ئامانج و گرنگیی توێژینەوەکەش لەوەدا دەبینینەوە کە (ئارام ساڵح) توانیویەتی داهێنان لە زماندا بکات.

دەربارەی گرفتیش هەم لێرەدا و هەم لە تەواوی توێژینەوەکەش تووشی گرفتێکی وەها نەبۆتین کە شایانی باسکردن بێت.

توێژینەوەکە سەرەتا بە چەند دێڕێک لەسەر زمان بەگشتی دەست پێدەکات، پاشان وەکو زەمینەسازییەکی تیۆری ئاماژەیەکی گشتی بە چەمک یاخود سروشتی زمانی شیعری کردووە و لەو بارەیەوە زۆرترین بیروبۆچوون خراوەتە ڕوو، کە هەوڵدراوە زۆرترین ئەو بیروبۆچوونانە بیروبۆچوونی نووسەران و ئەدیبانی کورد بێت لەسەر زمانی شیعری. دواتریش قسە دێتە سەر باسی زمانی شیعرەکانی (ئارام ساڵح)و لەوێدا باس لە زمانی شیعرەکانی شاعیر کراوە و بۆ هەر لایەنێکی زمانی شیعرەکانی کە باس کراوە بە دەقی شیعری پشتڕاست کراوەتەوە. دوای ئەمانە لادانی زمان هاتۆتە بەر باس و باسی هەر چوار ئاستە سەرەکییەکەی لادانی زمان کراوە لە شیعرەکانی شاعیردا، بۆ هەر ئاستێک کە ئەوانیش دابەشی چەند لقێک دەبن دەقێکی شیعری یان کۆپلەیەک یان هەندێ جار چەند دێڕێک وەک نموونە هێندراوەتەوە کە مەبەستەکەی تێدا بووە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی خۆمان لە درێژبڕی بەدوور بگرین.

گرنگترین شتیش کە لەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووین ئەوەیە کە: زمانی شیعرەکانی (ئارام ساڵح) زمانێکی کوردی پەتییە، کورت و پوخت و وشەی کوردی ڕەسەن کۆڵەکە سەرەکییەکەی زمانە شیعرییەکەیەتی.

دواتر ئەو ئەنجامانەمان تۆمار کردووە کە لە بارەی زمانی شیعرەکانی (ئارام ساڵح) پێی گەیشتووین.

لە کۆتاییشدا ناوی ئەو سەرچاوانەمان نووسیوە کە بۆ ئەم توێژینەوەیەی زمانی شیعرەکانی شاعیر سوودمان لێ بینیوە.

## زمانی شیعری

زمان هۆکاری لەیەکترگەیشتنی مرۆڤەکانە، ئامرازی دەربڕینی بیری مرۆڤە، دیارترین سیمای جیاکەرەوەی گەلانە لە یەکتر، زمان خاڵی جوداکردنەوەی مرۆڤە لە گیاندارانی تر "گەلێک لە زاناو توێژەرو زانایانی کۆمەڵ مرۆڤ بە زمان لە گیاندارانی تر جودا دەکەنەوە هەندێکیان دەڵێن ئەگەر مرۆڤ زمانزان نەبوایە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ گیاندارانی تر و ئاژەڵدا نەدەبوو!" (عەلی، ٢٠٠٨: ٤٣). ئەوەی تا ئێرە کورتەیەک بوو لەسەر زمان بەگشتی، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەبارەیەوە بنووسین لایەنێکە لە زمان کە ئەویش بریتییە لە زمانی شیعری.

زمانی شیعری زمانێکە زیاتر لە واتایەک لەخۆ دەگرێت و هەست و سۆزێکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، زمانێکە ڕازاوە و جوانە و جیاوازە لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە لەڕووی بەکارهێنانەوە، کە بە چڕوپڕی و یاریکردن بە وشە و جوانکاری و هونەرەکانی ڕەوانبێژی دێتە دی، ئەمەش بە مەبەستی وروژاندن و کارتێکردنی لەسەر خوێنەر. "زمانی شیعری زمانێکی بارگاوییە بە واتا و هەست و سۆز و وروژاندن." (دەشتی، ٢٠١٢: ٢٠٨).

زمانی شیعری هاوشانی مۆسیقای شیعری و وێنەی شیعری ، یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی پێکهێنانی دەقی شیعری، بەڵکو دەرخەری ڕەگەزەکانی تریشە. "ناوەڕۆک لەڕێی زمانەوە دەردەبڕدرێت." (باڵەکی، ٢٠٠٥: ١٥٥). هەر لەم بارەیەوە پۆل ڤالێری دەڵێت: "شیعر زمانە و شاعیر لەڕێگای زمانەوە بنیاتی شیعری دادەمەزرێنێت." (حوسێن، ٢٠٠٨: ٥٥).

زمانی شیعری بریتی نیە لە لەپاڵیەکدانانی کۆمەڵێ وشە و دەستەواژە و ڕستە پێکەوە."بەڵکو وێنەی شیعری یەک نزمی (وەک یەک و دژ بەیەک)، خوازەیی (نزیک و نامۆ)، ڕەمزی (لێڵ و ڕوون)، ئەفسانەیی (تایبەت و گشتی)، دەمامکی (مێژوویی و ئەفسانەیی)، تێهەڵکێش (مرۆڤ و بابەتی)، یەکێتی (ئۆرگانیکی و هۆشەکی+ شعوری)، واتایی (واتاگۆڕی)... بابەتی تریش شاعیر بەمەبەستی بونیاتی کاری هونەری و پڕ لە ئێستێتیکای جوانی بەکاریان دەهێنێت." (مەحموود، ٢٠٠٩: ١٦).

بەوپێیەی شیعر بەشێکە لە ئەدەب، کەواتە زمانی شیعریش بریتییە لە زمانی ئەدەب، لەبارەی ئەم زمانەوە عەلائەددین سەججادی دەڵێت: "ئەو گەوهەر و قسە جوانانەیە کە لە دوو لێوی شاعیر و ئەدیب و نووسەری ئەو قەومە دێتە دەرەوە و تەعبیر لە خەیاڵی نازکی عاتیفەیەکی بیروباوەڕیان ئەداتەوە." (سەججادی، ١٣٨٩: ١٠٤).

(مارف خەزنەدار)یش لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێت: "مێژووی ئەدەبی کوردی بریتییە لە مێژووی قسەی جوانی کوردی." (خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٥٦). لەبەرئەوەی شیعریش بەشێکە لە ئەدەب وەک پێشتر گوتمان، کەواتە زمانی شیعری بەلای خەزنەدارەوە بریتییە لەو زمانەی کە جوانە.

(سەعد غانم)یش جوانیی شیعر لە جوانیی زمانی شیعر دەبینێتەوە و پێی وایە: "شیعر نەخشێکی جوانە لەسەر دیواری زمان." (غانمی، ١٩٩٩: ٦٩). دەربارەی چۆنیەتی بوونی زمانی شیعریش ئەرستۆ دەڵێ: "ئەو زمانە شیعریەی وشەی ناباوی تێدا بەکار بێ بەرزی و شکۆمەندی تێدایە." (ئەرستۆ، ٢٠٠٤: ٨٣).

جوانی و ئاستی بەرزی زمانی شیعریش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە و هەروەها زمان زانیاریمان دەداتێ بەمەبەستی ناسینەوەی بەرهەمی شیعری کە هی چ شاعیرێکە. "توانا و دەسەڵاتداری بەسەر زمان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیایە تا ڕادەیەک کە دەقێکی شیعری دەخوێنینەوە بێئەوەی هیچ زانیارییەکمان هەبێ دەڵێین هی فلان شاعیرە کە ئەمەش لەڕێی زمانی شیعرەکەیەوە کە بەشێکە لە شێواز دەزانین." (شەریف، ٢٠٢٠: ٤١).

زمانی شیعری بەگوێرەی سەردەم و ڕێبازە ئەدەبیەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بۆ نموونە زمانی شیعری کوردی لەسەردەمی کلاسیک جگە لە وشەی زمانی کوردی وشەی زمانەکانی تریشی لەخۆگرتبوو. "شیعری شاعیرە کلاسیکەکان تێکەڵ بوو لە وشەی بیانی لە فارسی و تورکی و عەرەبی." (مەولود، ٢٠٢١: ١٦٢). لە کاتێکدا لە ڕێبازی ڕۆمانسیزم شاعیرە کوردەکان دەستیان کرد بە پاککردنەوەی زمانی کوردی و هەوڵیان دەدا زمانی شیعریان بریتی بێت لە زمانێکی کوردی پەتی.

## سروشتی زمان لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دا

زمانی شیعرەکانی ئارام ساڵح بریتییە لە زمانێکی کوردیی پەتیی پاراو و ڕەوان و سادە و ساکار، زمانێک کە وشەی ڕەسەنی کوردی کۆڵەکە سەرەکییەکەیەتی و بووە بە ناسنامەی زمانی شیعریی شاعیر و پێی دەناسرێتەوە. سەرچاوەی بەدەستهێنانی بەشێکی ئەم وشە ڕەسەنە کوردیانەش کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون وەک خۆی دەڵێ: دایکیەتی (چاوپێکەوتن ٢٠٢٥/٠٣/٢٦). وەک نموونە وشەی (کەشکەبژێر) کە ناونیشانی دەقێکی شیعریی شاعیرە و شاعیر هاوشانی چەندان وشەی ڕەسەنی تر لە دایکیەوە وەری گرتووە و لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون.

زمانی شیعرەکانی ئارام ساڵح زمانێکی کورت و پوخت و چڕوپڕ و هەوڵی داوە بە کەمترین وشە زۆرترین بیرو بابەتی شاعیرانەی خۆی دەربڕێت، بۆ ئەمەش پشتی بە بەئابووریکردنی زمان بەستووە، کە ئابووریکردنی زمانیش بریتییە لە دەربڕینی زۆرترین واتا و جوانی بە کەمترین وشە. ئەم چڕبوونەوەیەی زمانەش توانا و هەوڵی شاعیر نیشان دەدات لەم بارەیەوە، کە هاوکات ئەم زمانە ڕەنگدانەوەی دنیا تایبەتەکەی خۆیەتی، ئەم دەقە شیعرەیش نموونەیەکە لەم ڕووەوە:

"چاڵی خەیاڵ"
هەرچەند دەکەم
لێی دەرنایەم
بێ بنە چاڵی خەیاڵت

(ساڵح، ٢٠٢١: ٤٩)

لەم دەقەدا شاعیر بە سێ دێڕ کە لە چەند وشەیەکی کەم پێک هاتووە مەبەستی شاعیرانەی خۆی دەربڕیوە،کە بریتییە لەوەی شاعیر هەمیشە بیر و هۆش و خەیاڵی لای یارە.

وشەکانی زمانی شیعرەکانی ئارام ساڵح هەرچەندە وشەی کوردیی ڕەسەنن، بەڵام هەندێکیان لە زمانی بەکارهێنانی ڕۆژانە دوورکەوتوونەتەوە، یان ڕاستر بڵێین بەکارهێنانیان کەم بووەتەوە، بۆیە زۆرجار پێویست دەکات خوێنەر بۆ زانینی مانای وشەکان لە فەرهەنگدا بۆیان بگەڕێت. وەک نموونە: زەبوون، ساباق، گەچڵاو، تەژگە، دژوون، کەشکەبژێر، چەپەرک ...تد.

با نموونەیەک لەو بارەیەوە بهێنینەوە:

"بنیسک"
نوقمت کرد لە نێو زەڵکاوی
بێوەفایی
ئاخر ئەو دڵە دژوونە
بەو بنیسکە پاکانەیەت
تازە چۆن پاکدەبێتەوە

(ساڵح، ٢٠٢١: ١٠٠)

لەم نموونەیەی سەرەوەدا هەردوو وشەی (دژوون، بنیسک) کە دوو وشەی ڕەسەنی کوردین، بەکارهێنانیان لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا کەم بووەتەوە. کە (دژوون) واتا چڵکن یان پیسبوون، هەروەها (بنیسک) مەبەست لێی پارچەی زۆر بچووکی سابوونە.

هەروەها شاعیر وشەی داتاشراوی بەکارنەهێناوە، وەک گوتمان پشتی بە وشەی ڕەسەنی کوردی بەستووە.

زمانی شیعرەکانی شاعیر زمانێکە بارگاوییە بە پەند و قسەی نەستەقی کوردەواری وەک نموونە لە شیعری (گومان)دا دەڵێ:

"گومان"
سەفەرەکەت زۆری خایاند..

دەمگوت دەبێ چی ڕووی دابێ؟!
دەمگوت دەبێ خوانەخواستە..
لافاو تۆشی لوول نەدابێ؟!
***
سەیرت نەیە..
حەق خۆم بوو گومان بکەم
چونکە لافاو..
لەم هەوارە کە پەیدا بوو
لە ناسنامەکەی نووسرا بوو!
شەلم، کوێرم
کەس نابوێرم!

(ساڵح، ١٩٩١: ٩)

لەم دەقەی سەرەوە شاعیر سوودی لەم پەندی پێشینانە (شەلم، کوێرم- کەس نابوێرم!) وەرگرتووە، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی ئەو گەشتەی کە وای کردووە یاری شاعیر دوابکەوێت لە گەڕانەوە و سەرئەنجام ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شاعیر دوودڵی و ترس دای بگرێت لە گەڕانەوەی یارەکەی. بوونی ئەم گومان و ترسەی شاعیریش بەهۆی بارودۆخی وڵات(هەوار)ەکەوەیە کە دڵنیایی تێدا نییە و هەر بۆیەش بۆ پاساوی ترسی لەدەستدانی یارەکەی ئەم پەندەی هێناوەتەوە و یەکانگیری کردووە لەگەڵ دەقەکەدا.

زمانی شیعرەکانی ئارام ساڵح زمانێکە کە بە هۆیەوە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات

"شانۆگەری"
خۆم، ڕووداوم
کات: مردنە
شوێن: دارەمەیتی گەردوونە!

(ساڵح، ٢٠٠٥: ٧٣)

شاعیر لەم دەقەی سەرەوەدا زۆر ڕەشبینانە سەیری ژیان دەکات و پێی وایە کە ژیان لە شانۆگەرییەک چیتر نیە، کە خودی خۆی ئەکتەری ئەو شانۆگەرییەیە و هەر خۆیشی ڕووداوەکان نمایش دەکات و کۆتاییەکەشی بە مردن کۆتایی پێ دێنێت. هەروەها بڕوای وایە هەر کەسێک مرد واتە لەگەڵیدا گەردوون و ژیانیش مرد کە لە دەربڕی (دارەمەیتی گەردوونە!) ئەوە دەخاتە ڕوو، چونکە ئاشکرایە دارەمەیت لەگەڵ مردوو دەخرێتە گۆڕەوە.

زمانی شیعرەکانی ئارام ساڵح بەشێوەیەکە کە زۆرجار وشە زیاتر لە ماناو مەبەستێکی هەیە، بەم هۆیەشەوە بەم زمانە زۆرترین وێنەی شیعری دروستکردووە، کە بۆ ئەمەش سوودی لە ڕەوانبێژی وەرگرتووە بەتایبەت ڕوونبێژی وەک خوازە و درکەو ... تد. بەم شێوەیەش بەدەر لە واتای فەرهەنگیی خۆیان واتای تری بە وشەکان بەخشیوە ، با لەم ڕووەوە سەیری ئەم گوزارشتانە بکەین: ئەوین ژەن، دەستی باران، ڕۆح هەڵدێران، خرخاڵی خەون، باخی بێناز، ئاوی فیراق، دەستی تەمەن، چیمەنی ڕۆح، زستانی پیری، گوێچکەی شار، زمانی ڕاستی، ڕێبواری خەم، هەناسە ساردی با، دۆزەخی فرمێسک.

هەروەها هیچ زۆرلەخۆکردنێک لە زمانی شیعرییەکەی بەدی ناکەین، بەڵکو شیعر لای ئەو لەڕێگەی سرووشەوە بەشێوەیەکی سروشتی بێ هیچ زۆرلەخۆکردنێک لە دایک دەبێت.

ئەگەر بێینە سەر باسی شێوەزاری ناوچەیی لە شیعرەکانیدا، ئەوا کاریگەریی شێوەزاری کۆیە و دەوروبەری بەسەر شیعرەکانی شاعیرەوە دیارە، وەک لە دێڕی سێیەمی ئەم کۆپلەیەدا لە ئاستی دەنگدا دەردەکەوێ:

دەڵێن ئەشق
ئەشق مانای قوربانیە
ئەوەی دڵی نەسوتێتن
ئاشق نیە

(ساڵح، ١٩٩١: ١٦)

لە دێڕی سێیەمی ئەم دەقەی سەرەوەدا لە وشەی (نەسوتێتن) شاعیر پاشگری (ن)ی بەکارهێناوە، کە تایبەتە بە شێوەزاری کۆیەو دەوروبەری.

هەروەها لە ئاستی وشەشدا وشەی شێوەزاری کۆیە و دەوروبەری بەکارهێناوە، وەک: خەفتیان، شیشۆق ...تد. ئەمەش نموونەیەک:

"نەزیف"

تکا دەکەم
مەیە ناو شەوی ژینمەوە
من دەیان پارچە شیشۆقی
خەونی شکاو
چەقیوەتە زەینمەوە
چیت داوە لە برینستان؟
ئێ ئاخر توشی شۆک دەبی
بەدیار نەزیفی منەوە!

(ساڵح، ٢٠١٣: ٦)

لە نموونەی سەرەوەدا شاعیر لە ئاستی وشەدا سوودی لە شێوەزاری کۆیە و دەوروبەری وەرگرتووە و هاتووە وشەی (شووشە)ی گۆڕیوە و لە جێگای ئەودا وشەی (شیشۆق)ی بەکارهێناوە، کە وشەیەکە تایبەتە بە شێوەزاری کۆیە و دەوروبەری.

جگە لە شێوەزاری کۆیە، شێوەزاری سلێمانیش بەئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک لە دێڕی چوارەمی ئەم دەقەدا لە ئاستی دەنگدا بەدیاردەکەوێت:

بۆوەی ڕۆحم
نەخۆش نەبێ...
جار جار سەرم
سەرخۆش ئەکەم!

(ساڵح، ٢٠٠٥: ٢٥)

لە دێڕی چوارەمی ئەم دەقەی سەرەوەدا شاعیر وشەی (دەکەم)ی گۆڕیوە و لە جێگایدا وشەی (ئەکەم)ی بەکارهێناوە، کە تێیدا لە وشەی (ئەکەم) دەنگی (ئ) لەسەرەتای وشەکەدا هاتووە لە جێگای دەنگی (د)، کە ئەمەش تایبەتە بە شێوەزاری سلێمانی.

هەروەها لە ئاستی وشەشدا چەندین وشەی شێوەزاری سلێمانی بەکارهێناوە، وەک: مناڵ، سەهۆڵ، دان، ڕۆح، ئاڵتوون ...تد. کە بەکارهێنانی ئەم وشانەش لەپێناو ئیستاتیکای شیعرەکاندا بووە، وەک لە دێڕی دووەمی ئەم نموونە دوو دێڕیەدا بەدیار دەکەوێت:

هیچ کەس بۆی نادۆزرێتەوە
ئاڵتوونەکانی ئەوینت

(ساڵح، ٢٠٢١: ٤٨)

لە دێڕی دووەمی ئەم نموونەیەی سەرەوەدا شاعیر وشەی (ئاڵتوون)ی لە جێگای وشەی (زێڕ) بەکارهێناوە،کە وشەیەکە لە شێوەزاری سلێمانی بەکاردەهێندرێت، وەک دیارە وشەی (ئاڵتوون)ی شێوەزاری سلێمانی لەم دێڕەدا مۆسیقای شیعری جوانتر دروست دەکات لەچاو وشەی(زێڕ) کە لە سنووری کۆیەدا بەکاردەهێندرێت.

خۆ ئەگەر بێینە سەر بەکارهێنانی زمانی بێگانە، ئەوا لە ئاستی شیعردا هیچ شیعرێکی بەزمانی بێگانە نەنووسیوە.

هەروەها لە ئاستی وشەدا وشەی بێگانەی کەم بەکارهێناوە، ئەو وشانەش کە بەکاری هێناون هەندێکیان دەمێکە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و لە ئاستی ئاخاوتندا بەکاردێن و خوێندەوار و نەخوێندەواری کورد لە ماناکەی دەگەن و گۆڕانکاریيان بەسەردا هاتووە لە ئاستی دەنگدا و بوون بە موڵکی زمانی کوردی، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بە پاککردنەوەی زمانی شیعری کوردی لە وشەی بێگانەو بەکوردی پەتی نووسین، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە لایەن (شێخ نوری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب، پیرەمێرد و گۆران) دەستی پێکرد، ئەوا بەکارهێنانی ئەم وشانە لە لایەن شاعیرەوە گەڕانەوەیە بۆ دواوە.

هەندێکیشیان پێویستیان بە ساغکردنەوەیە، چونکە لە زیاتر لە دوو زماندا وەک یەک یان بە کەمێک جیاوازییەوە بەکاردێن، ئەو ساغکردنەوەیەش لێرەدا ئیشی ئێمە نیە. بۆیە ناکرێ بە وشەی بێگانەیان دابنێین و پێویستە وازیان لێ بێنین تا ساغ دەبنەوە. یان باشتر وایە بە وشەی هاوبەشی نێوان زمانەکانیان دابنێین و خاوەندارییەکەی بۆ هەمووان بگەڕێتەوە.

هەندێکیشیان بەم دواییانە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، کە بەرهەمی تەکنەلۆژیان و چوونەتە ناو هەموو زمانێکی تریشەوە، بۆیە بەکارهێنانیان بەڕای ئێمە ئاساییە.

بەگشتی هەندێک لەو وشانەی کە شاعیر بەکاری هێناون، چ ئەوانەی کە لە زمانی ترەوە وەرگیراون، چ ئەوانەش کە ساغنەبوونەتەوە، کە بەڕای ئێمە پێویستە بە وشەی هاوبەشی نێوان ئەو زمانانەی دابنێین کە تێیاندا بەکاردێن وەک پێشتریش گوتمان، بریتین لەم وشانە: سیحر، ئینسانیەت، عاتیفە، وجود، موعجیزە، ئەبەدی، سیاچارە، شەڕاب، نەزیف، قەدەر، سەراب، سەدا، ئەلبووم، شیک، شۆک و سێلفی. کە لە هەریەکە لە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی بەکاردێن.

با سەیری ئەم دەقە بکەین وەک نموونە بۆ بەکارهێنانی ئەم وشانە لە لایەن شاعیرەوە:

"فروسمان"

لەگەڵ نسکۆی
مەرگی ئەودا
فروسماوە ئەو دڵەی من
تازە ئیتر
سۆزی مردووم
ئەستەمە چاوان هەڵێنێ..
چاوانی پڕ لە ئەفسوونت
مەگەر موعجیزە بنوێنێ!

(ساڵح، ٢٠٢١: ٧٥)

لەم دەقەی سەرەوەدا لە دێری کۆتایی وشەی (موعجیزە) هاتووە، کە وشەیەکە لە هەریەکە لە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی بەکاردەهێندرێت.

لەکۆتاییدا دەڵێین: شاعیر بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ زماندا کردووە کە ئەو جۆرە مامەڵەیەی لەپێناوی کاریگەری و جوانی و ئیستاتیکادا بووە، بەمجۆرە ئیستاتیکای شیعرەکانی ئارام ساڵح بەزۆری لە زمانەکەیدا بەرجەستە دەبێت.

## لادانی زمان

یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری، بریتییە لە تێکشکاندنی زمان و پابەند نەبوون بە یاسا رێزمانییەکان و دەرچوونی زمان لە بارە ئاساییەکەی خۆی و هێنانی مانای نوێ بۆ وشەکان. کە ئەمەش بەزۆری لە پێناوی مۆسیقای شیعری و وێنەی شیعری دەکرێ، کە ئەم دوانەش لەگەڵ زمانەکە ئیستاتیکا بە دەقەکە دەبەخشن. لادانی زمان "لەرێی زمانی شیعری و جۆری وێنە شیعرییەکەوە بەدەردەکەوێت، دەبێ ئەو زمانە لە رێچکە ئاساییەکەی خۆی لابدات بۆ ئەوەی ئیستاتیکا و شیعریەت بخوڵقێت." (سلێوە، ٢٠٢٤: ٧١).

لادانی زمان چەندین ئاستی جیاوازی زمان دەگرێتەوە لەوانە: (دەنگسازی، وشەسازی، رستەسازی و واتاسازی) کە یەک بە دوای یەک لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دا دەیان خەینە روو:

## یەکەم: لە ئاستی دەنگسازیدا

لادان لە ئاستی دەنگسازیدا بریتییە لەوەی کە شاعیر هەڵدەستێت بە دووبارەکردنەوەی دەنگ، لابردنی دەنگ، گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی تر و دابڕکردن و پچڕپچڕکردنی وشە. کە زۆربەی جار لەبەر سەرروای دەقەکە ئەمە دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی بەخشینی ئیستاتیکا و پێدانی شیعرییەت بە دەقەکە. لێرەدا دووبارەکردنەوەی دەنگ و گۆڕینی دەنگ باس دەکەین، چونکە ئەم دوو حاڵەتمان لە لادان لە ئاستی دەنگدا لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دا بەدی کردووە.

### ١- دووبارەکردنەوەی دەنگ (پیت)

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ (پیت)، کە شاعیر بۆ مەبەستی ئیستاتیکا و جەختکردنەوە لەو پەیامەی کە دەیگەیەنێت بەکاری دێنێت. وەک نموونە:

"تەنکایی خەون
لە قوڵایی خۆشەویستیت
فێری مەلەت کردم ئەی یار
لە تەنکایی خەونەکانتا
ئاخ خ خ خ وا خەریکە دەخنکێم

(ساڵح، ٢٠٢١: ١٠٥)

دووبارەکردنەوەی دەنگی (خ) بۆ زەقکردنەوەی وشەی (ئاخ)ە، هەر ئەو وشەیەش خەم و پەژارەکە پێشان دەدات. بۆیە شاعیر لەرێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگی (خ)ەوە، وشەی (ئاخ)ی زەقکردۆتەوە، بەو هۆیەشەوە شاعیر ماتەمینی و خەمی خۆی پێشان دەدات، کە بەهۆی بێمەیلی یارەوە تووشی بووە. ئەم حاڵەتی دووبارەکردنەوەی دەنگە لە ئەدەبی فۆلکلۆر و حەیران و لاوک و مەقامیش زۆر بەکاردێت.

### ٢- گۆڕینی دەنگ(پیت)

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی تر کە زیاتر وادەبێ بەدەنگێکی نزیکی خۆی بێ، ئەمەش زیاتر بۆ مەبەستی رێکخستنی سەروایە، وەک لەم کۆپلەیەدا بەدەردەکەوێت:

هەڵسە بمرەو برۆ نێو گۆڕ
چاوەڕوانی چیت لەم دەرگە ؟!
وەها دیارە نەت زانیوە
کەوا تۆبەی گورگ مەرگە ..

(ساڵح، ١٩٩١: ٢٦)

لێرەدا شاعیر لە وشەی (دەرگە)پیتی (١)ی گۆڕیوە و پیتی (ە)ی لەجێی داناوە کە خۆی لەبنەڕەتدا (دەرگا)یە. ئەمەشی لە پێناوی یەکخستنی سەروای دوو دێڕەکەدا کردووە.

## دووەم: لە ئاستی وشەسازیدا

لادان لە ئاستی وشەسازیدا بریتییە لەوەی کە شاعیر هەڵدەستێت بە دووبارەکردنەوەی برگە، وشە، دەستەواژە، داهێنانی وشەی نوێ، بەکارهێنانی وشەی بێگانە و ناوی بێگانە، بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانەی ناو خەڵکی و تێکدانی ڕۆنانی بەربڵاوی وشە، کە ئەمەش لە پێناوی کۆمەڵێ مەبەستدا دەکات وەک :جەختکردنەوە، سەرنجراکێشانی خوێنەر و بەخشینی ئیستاتیکا بە دەقەکە. لێرەدا باسی چوار جۆر لەم لادانانە لە ئاستی وشەدا دەکەین کە لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دا هاتووە.

### ١- دووبارەکردنەوەی وشە

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک بۆ دوو جار یان زیاتر، کە شاعیر دەیەوێت بەهۆیەوە بیر و پەیام و هەستی شاعیرانەی خۆی بگەیەنێت. کە بێگومان بۆ مەبەستی ئیستاتیکای دەقەکەش سوودی لێوەردەگرێ، با سەیری ئەم دەقە بکەین لەم ڕووەوە:

"خەفتیان"
چیبکەم لە دەست
ئەو دڵەی خۆم
گەرم گەرم
هەمیشە وەک
دەمی بورکان
چیبکەم لە دەست
ئەو دڵەی تۆ
سارد وەک سەهۆڵ
چووەتە نێو
سوری خەفتیان

(ساڵح، ٢٠١٣: ٨)

دووبارەکردنەوەی وشەی (گەرم) بۆ دووجار مەبەستی شاعیری تێدایە، کە بریتییە لە بوونی ئەوپەڕی سۆز و خۆشەویستی لە دڵی شاعیردا بۆ دولبەرەکەی. هاوکات زەقکردنەوەی دڵڕەقی دولبەرەکەی کە لە دێڕەکانی دواتردا پێشانی دەدات. کۆکردنەوەی ڕق و خۆشەویستیش کە کرۆکی دەقەکەیە وەک دوو دژ زیندوویەتی و چێژ و جوانی بە دەقەکە بەخشیوە.

### ٢- داهێنانی وشەی نوێ

شاعیر بەمەبەستی سەرنجراکێشانی خوێنەر و نیشاندانی توانای زمانیی خۆی و دروستکردنی ئیستاتیکا دێت وشەی نوێ دادەهێنێت، کە لای خەڵکی ئاسایی نیە، وەک لەم دەقە شیعرەدا هاتووە.

کە (بەهار)م لێ ئاوا بوو
ڕۆحم پاییزی لێ داهات
سەیری باخی چاوانم کەن
چ فرمێسک ڕێزانێکە

(ساڵح، ٢٠١٣: ٩١)

شاعیر وشەی (فرمێسکرێزان)ی داهێناوە و لەجیاتی وشەی (فرمێسکرشتن) بەکاری هێناوە، کە ئەوەی دووەم ئاساییە لای خەڵک و ئەوەی یەکەم لادانە، ئاشکراشە کە وشەی (ڕێزان) بۆ گەڵاوەرین بەکار دێت نەک فرمێسکرشتن.

### ٣- بەکارهێنانی وشە یان ناوی بێگانە

بەکارهێنانی وشە و ناوی بێگانە بەشێکە لە لادانی زمان، چونکە نە وشەی بێگانە و نە ناوی بێگانە موڵکی زمانی کوردی نین. پەنابردنە بەر ئەم دۆخەش بەشێکی لە پێناو ئیستاتیکا و مەبەستی دڵی شاعیرە، بەشەکەی تریشی پەیوەندی بە بەئاگابوونی شاعیرەوە هەیە بە ئەدەبی بێگانە و زمانی بێگانە. لەم دەقەی دێت هەم وشە و هەم ناوی بێگانە بەدی دەکرێت:

"گۆدبوون"
چیتر هێزی
هەنگاونانیان نەما
ئەی یار

نیگاکانم گۆدبوون بەدیار
(گۆدۆ)ی وەسڵت

(ساڵح، ٢٠٢١: ٤٣)

لێرەدا وشەی (وەسڵ) لە بنەڕەتدا کوردی نیە و ناوی (گۆدۆ)ش ناوێکی بێگانەیە و ئاماژەیە بە پاڵەوانی ناو ڕۆمانی (لە چاوەڕوانی گۆدۆ دا)ی ڕۆماننووس (سامۆئیل بیکت).

## ٤- بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانەی ناو خەڵکی

پێشتر گوتمان زمانی شیعر جیایە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک، ئەمەش لەڕێی کۆمەڵێ جیاوازییەوە کە پێشتر باسمان کردووە. بەڵام وادیارە شاعیر وشەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکیشی بەکارهێناوە، جا ئەمە بۆ نزیکبوونەوەیە لە زمانی قسەکردنی خەڵک، یان دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە شیعر بکاتە سەکۆیەک بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیرانەی بە خەڵک، یان هەر مەبەستێکی تر بێ. وەک لەم دەقە شیعرییەدا دەڵێ:

"پیاااح"
پڕ لە سێڵفی
گوڵی ڕەنگاوڕەنگی خەندەو
پەپوولەی باڵنەخشینی ماچ
پیاااح چەند جوانە
ئەلبوومی ئەوینمان!!

(ساڵح، ٢٠٢١: ٣٦)

لێرەدا وشەی (پیاح) زمانێکی زۆر سادەی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکە کە شاعیر بەکاری هێناوە، جێی سەرنجە کە هەر لەم وشەیەدا شاعیر لادانی لە ئاستی دەنگسازیشدا کردووە، ئەویش بە دووبارەکردنەوەی دەنگ(پیت)ی (ا) لە ناونیشانەکەدا بۆ چوار و لەناو دەقەکەش بۆ سێجار. ئەم دووبارەکردنەوەیەی دەنگی (ا)یەش بۆ زەقکردنەوەی وشەی (پیاح)ە، کە لە ڕێی ئەم وشەیەشەوە شاعیر دەیەوێت خۆشەویستی بەتینی نێوان خۆی و دولبەرەکەی پێشان بدات.

## سێیەم: لە ئاستی ڕستەسازیدا

لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا بریتییە لەوەی کە شاعیر هەڵدەستێت بە دووبارەکردنەوەی ڕستە، تێکدانی بنیاتی پێکهاتەی ڕستە و لابردنی کەرستە بنەڕەتییەکانی ڕستە. کە مەبەست لێی پێشاندانی مەبەستی شاعیرانەیەتی لە ڕێگەی جەختکردنەوە و هەروەها سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و سەرئەنجام بەخشینی ئیستاتیکا بە دەقەکە. لێرەدا باسی دوو جۆر لەم لادانانە لە ئاستی ڕستەدا دەکەین کە لە شیعرەکانی (ئارام ساڵح)دا هاتووە.

### ١- دووبارەکردنەوەی ڕستە

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ڕستە لە کۆپلە شیعرێک یان لە شیعرێکی تەواودا کە لە چەند کۆپلەیەک پێک هاتبێ، ئەم دووبارەکردنەوەیەش هەندێ جار ڕاستەوخۆ لەدوای یەک دێت، هەندێ جاریش دێڕی تر دەکەوێتە نێوانیان کە شاعیر پەنای بۆ دەبات بۆ ئەوەی خوێنەر لە دووبارەکردنەوەکان وەڕز نەبێت، یان لەبەر هۆکاری تر. بەڵام بەگشتی مەبەست لەم دووبارەکردنەوانە زیاتر بۆ پێداگرتنە لەو مەبەستەی کە لە ڕستەکەدا هەیە. نموونە:

"میوان"
تا ئەو ڕۆژەی ڕێبواری خەم
بێتە دەرگەم..
دەستی نازی بۆ ڕادەگرم
بێ بەسەریاو
فەرشی ڕازی بۆ ڕادەخەم!
مل کەچ دەبم لە ئاستیداو
سەری ڕێزی بۆ دادەخەم!
سەری ڕێزی بۆ دادەخەم!

(ساڵح، ١٩٩١: ٨)

لەکۆتایی ئەم کۆپلە شیعرەدا دوو جار ڕستەی (سەری ڕێزی بۆ دادەخەم) دووبارە بۆتەوە، بەمەبەستی پێداگرتن و جەختکردنەوە لەسەر ڕێزگرتنی شاعیر لە میوان و پێشاندانی میواندۆستیی خۆی، کە لێرەدا میوانەکە خەمە!

**٢- تێکدانی پێکهاتەی ڕستە:** مەبەست ئەوەیە کە شاعیر لە درووستکردنی دەقی شیعری گوێ نادا بەڕیزبوونی کەرەسەکانی پێکهێنەری ڕستە لە ڕووی ڕێزمانییەوە، کە مەبەست لێی زەقکردنەوەی ئەم وشەیەیە کە شاعیر مەبەستیەتی. لەو نموونەیەی دێت شاعیر وشەی

(پەپوولە) کە بکەرە جێگۆڕکێی پێکردووە و خستوویەتییە کۆتایی ڕستە، بەمەش زەق کردۆتەوە.کە مەبەست لێی نیشاندانی ئاشقێکی زۆر تینووی یارە.

"خۆر لەسەر پەلەکۆیانە

هەر لە ژوانە

سەرمەستەو بێئاگا لەوەی

خۆر لەسەر پەلەکۆیانە

بەتاسەوە لێوی گوڵ دەمژێ پەپوولە

لای وایە گەردی بەیانە

(ساڵح، ٢٠٢١: ١٠٤)

لە دێڕی چوارەمی ئەم دەقە شیعرەدا، شاعیر کەرەسەکانی ڕستەی بەگوێرەی ڕێزمان ڕیز نەکردووە و لەم ڕێیە لای داوە، بەجۆرێک بکەر کەوتۆتە کۆتایی ڕستە. ڕاستیەکەی ئەم ڕستەیە بەگوێرەی ڕێزمان دەبێ بەم جۆرە بنووسرێت.

پەپوولە بەتاسەوە لێوی گوڵ دەمژێ

## چوارەم: لە ئاستی واتاسازیدا (لادانی واتایی)

یەکێکە لە ئاستەکانی لادانی زمان، کە بریتییە لە "شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمان و پەیوەندییەکی پتەویان بەگۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتە نەک هەر واتای سەردەم دەگۆڕن، بەڵکو دەبنە بار و ئەرک بۆ گوێگریش." (فەتاح، ٢٠٠٧: ١٨). چونکە بەهۆی ئەم لادانەوە واتاکانی لە زمانی ئاخاوتن زۆر دوور دەکەونەوە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لەم شیعرانە پێویستیت بە شیکردنەوە دەبێت.

ئەمجۆرە لادانەش بەگشتی لە دوو جۆری سەرەکی پێک دێت کە یەک لەدوای یەک باسیان دەکەین.

## جۆرەکانی لادانی واتایی

### ١- هەڵئاوسانی واتایی (زیادگوتن)

مەبەست لەم جۆرە لادانە هێنانی وشەیەکە لەگەڵ هێنانی هاوواتایەکی وشەکە لەگەڵیدا، کە ئەم وشەیەش زۆربەی جار هاوەڵناوە، ئەمەش بە مەبەستی جەختکردنەوەیە لەسەر مەبەستی شاعیر، کە بەمەش هەڵئاوسانی واتایی (زیادگوتن) دێتە ئاراوە. نموونە:

"کەسەر"

نێرگزەجاڕی ئەوینت

بێ سنوور و بێ کۆتایی

کێڵگەی خۆزگەم

پڕ لە کەستەکی کەسەر و

پڕ زۆپایی

بەشی پاراوبوونم ناکا...

چی لەو چۆڕە زەمەنە کەم؟!!

(ساڵح، ٢٠٢١: ٨١)

وشەکانی (بێ سنوور، بێ کۆتایی) کە لە دێڕی دووەمی ئەم دەقەی سەرەوەدا بەدوای یەکدا هاتوون، هەمان واتایان هەیە و هەردووکیشیان هاوەڵناون و وەسفی (نێرگزەجاڕی ئەوینت) دەکەن. ئەمەش هەڵئاوسانی واتایی دروستکردووە کە پێویست نیە و هێنانی تەنیا یەکێک لە هاوەڵناوەکان بەس بوو بۆ گەیاندنی پەیامەکە، کە بریتییە لە خۆشەویستییەکی زۆری شاعیر بۆ یارەکەی. لە کۆی دەقەکەدا سەرەڕای ئەوەی شاعیر زۆرترین خۆشەویستی خۆیمان بۆ یارەکەی بۆ ئاشکرا دەکات، بەڵام دان بەوەشدا دەنێت کە تازە ئەو تەمەنی تێپەڕی کردووە و بە خۆشەویستی یار ڕاناگا، بۆیە لە کۆتاییدا بە نائومێدییەوە گلەیی لە ڕۆژگار دەکات کە کاتێکی کەمی بۆ هێشتووەتەوە.

### ٢- دانەپاڵ (خستنەپاڵ)

بریتییە لەوەی سیفەتێک بدرێتە پاڵ شتێک کە ئەو سیفەتە بۆ ئەو شتە زۆر نەگونجاوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لادانی واتایی و واتایەکی نوێ دەخاتە پاڵ شتەکە کە نامۆیە بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و لەڕاستیدا هەر بوونی نیە، کە ئەم دانەپاڵی واتایەش بە چەند جۆرێک دەبێت لەوانە:

#### ٢-١ بەکەسکردن

بریتییە لە پێدانی سیفەتەکانی مرۆڤ بەو شتانەی کە لە سرووشتدا هەن بە بێگیان و بە گیاندارەوە، ئەمەش بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری کە لەڕێیەوە کاریگەری دادەنێ لەسەر خوێنەر، هاوکات توانای شاعیریش بەدیار دەخات لەڕووی زمان و وێنەوە. لەم بارەیەوە لە شیعرەکانی ئارام ساڵح دا نموونەی زۆر لەبەردەستن، ئێمە لێرەدا دانەیەکیان دەخەینە ڕوو:

"کژ"
چاوەڕوانیم چاوی کز بوو
ئومێدم ئاوی پێ داهات
شەتڵی ئارامیم وا زڕ بوو
کەچی دڵت کژی نەهات

(ساڵح، ٢٠١٣: ٩٩)

لەم شیعرەدا شاعیر هەردوو وشەی (چاوەڕوانی، ئومێد) کە دوو وشەی واتایین بەکەسکردووە، بەوەی کە سیفەتی (چاوکزی) بە چاوەڕوانی بەخشیوە، هەروەها سیفەتی (ئاوی پێداهاتن)ی بە (ئومێد) بەخشیوە. کە ئەمانە هەردووکیان سیفەتی مرۆڤن.

## ٢-٢ بەتەنکردن

بریتییە لە پێدانی قەبارە و بارستایی بە شتەکان و دیاردەکان و چەمکە واتاییەکان، کە بەمجۆرە لە ڕێی هەستی بینینەوە بەر هەست و هۆش و زەینی خوێنەری دەدات، لەم ڕێگەیەوە شاعیر دەیەوێت ئەوەی کە خۆی پێی کاریگەرە بەخوێنەریشی بگەیەنێ.

"خنکان"
من ئاوی فیراق بردوومی
هەر بۆیەشە
دەڵێم: هیچ کەسێ وەک خۆم نازانێ
بگێڕێتەوە
کە خنکان چەندە ناخۆشە!!

(ساڵح، ٢٠٢١: ٣٠)

لەم دەقە شیعرەدا وشەی (فیراق) کە وشەیەکی واتاییە، لەڕێی وشەی (ئاو)ەوە شاعیر بەتەنیکردووەو قەبارە و بارستایی پێبەخشیوە. بەمشێوەیەش بەر هەستی بینینی دەخات و بە خوێنەر دەڵێ: کە ئەو ئازاری دووری و دابڕانی چەشتووە و کەسیش وەک ئەو نازانێ کە ئازاری دووری و دابڕان چەندە ناخۆشە.

## ٣-٢ ڕەنگپێدان

جۆرێکی ترە لە لادانی واتایی، بەوپێیەی ڕەنگ دەکەوێتە بەر هەستی بینینی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤ هەیە، شاعیر دێت سیفەتی ڕەنگ دەداتە پاڵ شتێکی واتایی کە لەڕاستیدا هیچ ڕەنگێکی نیە. کە مەبەستی شاعیریش لەم لادانە بەرهەمهێنانی ئیستاتیکا و بەخشینی چێژی شیعرە بە خوێنەر.

"گۆنان"
هەرگیز ڕەنگی ناچێتەوە
بێوەفاییت لەسەر دڵم
تازە هەستی سپیم گۆنا
پاکانەی چی دەکەی ئەی یار!!

(ساڵح، ٢٠٢١: ٦٠)

وشەی (هەست) چەمکێکی واتایی بێڕەنگە، شاعیر ڕەنگی سپی پێبەخشیوە و بەمجۆرە بەر هەستی بینینی مرۆڤی خستووە، هەروەها هەر لە ڕێی گۆنان (چڵکنبوون)ی ئەم ڕەنگە سپیەشەوە دەیەوێت بێوەفایی یارمان پێ بڵێ.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامەی کە:

١/ زمانی شیعرەکانی ئارام ساڵح زمانێکی سادە و ساکار و پاراو و ڕەوانە و وشەی ڕەسەنی کوردی کۆڵەکە سەرەکییەکەیەتی و بووە بە ناسنامەی زمانی شیعریی شاعیر و پێی دەناسرێتەوە.

٢/ زمانی شیعرەکانی ئارام ساڵح زمانێکی کورت و پوخت و چڕ و پڕە و شاعیر هەوڵی داوە بە کەمترین وشە زۆرترین بیر و بابەتی شاعیرانەی خۆی دەربڕێت، بۆ ئەمەش پشتی بە بەئابووریکردنی زمان بەستووە.

٣/ زمانی شیعرەکانی ئارام ساڵح بەگشتی کوردییەکی پەتییە، هەرچەندە هەندێ وشەی بێگانەی بەکارهێناوە، بەڵام ئەم وشانە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەش بەکاردێن و بەجۆرێک لە جۆرەکان بوون بە موڵکی زمانی کوردی، بەشێوەیەک وا بەکاردێن کە قسەپێکەری زمانە بێگانەکە نای ناسێتەوە.

٤/ شاعیر سوودی لە هەردوو شێوەزاری کۆیە و سلێمانی وەرگرتووە، لە هەردوو ئاستی دەنگ و وشە.

٥/ لادانی زمان یەکێکە لە سیما دیارەکانی زمانی شیعری ئارام ساڵح، بە هەموو ئاستەکانی وەک دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازی. بەمجۆرەش ئیستاتیکای بە دەقە شیعرییەکان بەخشیوە.

٦/ شاعیر خۆی بە دوور گرتووە لە داتاشینی وشە و هەمیشە پشتی بە وشەی ڕەسەنی کوردی بەستووە.

## سەرچاوەکان


١/ ئەرستۆ(٢٠٠٤)، هونەری شیعر شیعر ناسی، و: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢/ باڵەکی، یادگار ڕەسووڵ حەمەدەمین(٢٠٠٥)، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی(١٨٩٨-١٩٣٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣/ حوسێن، جەبار ئەحمەد(٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی-کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤/ خەزنەدار، مارف(٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی-بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥/ دەشتی، عوسمان(٢٠١٢)، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦/ سلێوە، هاوژین(٢٠٢٤)، پێنج توێژینەوەی ئەدەبی، چاپخانەی حاجی کامیل، سلێمانی.

٧/ سەججادی، عەلائەددین(١٣٨٩)، مێژووی ئەدەبی کوردی، مێژوو، ئەدەب، زانیاری، چاپی دووەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

٨/ شەریف، عەبدولواحێد ئیدریس(٢٠٢٠)، خالید دلێر باوەڕێکی نەگۆڕ(ئەدەب، هونەر، سیاسەت)، چاپی یەکەم.

٩/ فەتاح، موحەممەد مەعروف(٢٠٠٧)، زمانی شیعری و ڕوانگەیەکی زمانەوانی و پراگماتیکی، بۆ کۆنفرانسی زمان، بەشی کوردی.

١٠/ مەحموود، ئازاد ئەحمەد(٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٨٥-٢٠٠٥)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١/ مەولود، ڕێزان ساڵح(٢٠٢١)، ئەندێشە لە ئەدەبدا بە نموونەی شیعری ڕێبازی کلاسیزم و ڕۆمانسیزمی کوردی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٢/ عەلی، سەباح موسا(٢٠٠٨)، مێژووی زمانی کوردی، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە(٥٢)، کەرکوک،لا: ٤٣.

١٣/ غانمی، سەعید(١٩٩٩)، زمان و شیعر، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٤٠ .

١٤/ چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئارام ساڵح)ی شاعیر لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٠٣/٢٦.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-26

# Poetic Language in Aram Salih's Poems

**(An excerpt from a master's thesis)**

**Ranj Qubad Sabir[1], Muhammad Sabir Rozhgar[2]**

1- Kurdish Department, Faculty of Education, University of Koya, Kurdistan Region- Iraq

2- Kurdish Department, Faculty of Education, University of Koya, Director of Koya University Library, Kurdistan Region- Iraq

## Article Info

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | Aigust, 2025 |

## Keywords

Language, Poetic language, Deviation of the tongue, Aesthetics, Poetry

## Corresponding Author

ranj.darbandi@gmail.com
Rozhgar.muhammed@koyauniversity.org

## Abstract:

Poetic language is the most prominent aspect of aesthetics in Aram Salih's poems, therefore this study is dedicated to this subject. In this article, we have first discussed language in general, then we have come to discuss an aspect of language, which is the language of poetry. Then we have come to the poetic language in the poems of Aram Salih, which discusses the language of the poet's poems with examples of poetic texts such as: using local dialects, using foreign words, relying on original Kurdish words Few words from the poet. We have also discussed the deviation of language in the poet's poems at all levels such as phonetics, vocabulary, syntax and semantics, all of which are examples of poetry. The poet's ability to choose the right words for the right place and play with words is another characteristic of the language of his poems. Finally, the results of the study are presented.